کۆتایی مێژوو، دواهەمین مرۆڤ.. ئاراس سەعید

لە ساڵی 1989دا، بیرمەند و مێژوونووسی ئەمریکی (فرانسیس فوکویاما) وتارێکی بەناونیشانی (کۆتایی مێژوو) لە گۆڤاری (The National Interest) بڵاوکردەوە و تێدا مژدەی کۆتایی مێژووی دا. هەر ئەوکات وتارەکە مشتومڕێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا و زۆری نەخایاند گرێبەستی لەگەڵ کرا بۆ فراوانکردنی وتارەکەی کە 18 لاپەڕە بوو بۆ کتێبێک. دواتر لە ساڵی 1992 تێزەکەی لە کتێبی (کۆتایی مێژوو و دواهەمین مرۆڤ)دا بڵاوکردەوە، بەدیدی فوکویاما(کۆتایی مێژوو) مەرگی ئایدۆلۆژیاکان و کۆتایی هاتنی جەنگ و شۆڕش خوێناویەکانە. لەپێناجاکانی سەدەی بیستەمدا زۆرێک لە تیۆریستانی دەوڵەت جاری مەرگی کۆمۆنیزمی ئایدۆلۆژیەکانیان دەدا. بەومانایەی ئایدۆلۆژیاکان لەسەرەمەرگدان، بەتایبەتی پاش هەرەسهێنانی نازیزم و فاشیزم.
لەساڵی 1989 ژمارە کۆمۆنیستیەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات هەرەسیان هێنابوو، لەوکاتەدا (فوکویاما) بەنووسینی وتارێک جاری (کۆتایی مێژوو) دەدات. کۆتایی مێژوو وەک دوا قۆناغی سکاوی مێژوو، دیمۆکراسی لیبڕاڵ دەبێتە (میتا_ئایدۆلۆژی) دواهەمین مۆدێلی ڕێکخستنی سیاسی لەبەردەم ئایندەی مرۆڤایەتی بە بەدیهێنانی ئاشتی و خۆشگوزەرانی و ئازادی.
بەدەربڕینێکی دیکە؛ دیمۆکراسیی سیاسی و سیستەمی ئابووری لیبڕاڵیزم کۆتا سیستەمی دونیای ئەمڕۆ و کۆتایی مێژووە و بەندترین ئاستی ڕێکخستنی جڤاکی و کەمایەتییە، کە ناکرێت بەدیلێکی دیکەی بۆ بدۆزرێتەوە.
فوکویاما دەڵێت: پێویستە مێژوو وەک پرۆسەیەی پڕسەساندن تێشابکەین. کۆتایی مێژوو، بەو مانایەیە کە لیبڕاڵ دیموکراسی فۆرمی کۆتایی حکوومەتە بە هەموو گەلان. بەگوێرەی فوکویاما، لە دوای شۆڕشی فەرەنسییەوە، دیموکراسی لیبڕاڵ چەندین جار سەلماندوویەتی کە لە بنەڕەتدا سیستەمێکی باشترە (لە ڕووی ئەخلاقی و سیاسی و ئابووری…هتد) لە هەریەکێک لە ئەلتەرناتیفەکان و بەیەکەوە ناتوانرێت هیچ پێشکەوتنێک لەوانەوە بۆ سیستەمێکە ببێتە ئەلتەرناتیف.[Francis Fukuyama (1992). The End of History and the Last Man].

کۆتایی مێژوو، قەرز لە هیگڵ و مارکس

تێزی کۆتایی مێژوو بیرکەوەیەکی نوێی نییە و فۆکۆیاما تێزەکەی لە (هیگڵ و مارکس) قەرزکردووە. بەدیدی هەریەک لە هیگڵ و مارکس گۆشکردنی مێژووی کۆمەڵگاکان لە قۆناغێکدا کۆتایی دێت، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ کۆتایی هاتنی ململانێی نێوان دژەکان. ململانێی دژەکان ئەو بزوێنەرن هەلومەرجی مێژووی ژیانی جڤاتی و کۆمەڵگەکان دەستنیشان دەکەن. هیگڵ مێژووی وەک پرۆسەیەکی عەقڵانیی شرۆڤەکردووە کە بەهۆی دەرکەوتنی ڕۆحی جیهان (Geist) لە قۆناغەکانی دیالێکتیکیدا و بەرەوپێش دەچێت. بە هەگڵ، مێژوو بەرەوپێشچوونی هۆشیاری مرۆڤ بەرەو ئازادی. کۆتایی مێژوو قۆناغێکە کاتێک ووەدات کە کۆمەڵگاکانی مرۆڤ دەگەن بە دۆخێک کە ئازادی بە تەواوی تێدا بەدی دێت و بە شێوەیەکی ئاسایی لە دۆخی عەقڵانیدا بەرجەستە دەبێت. هیگڵ پێی وابوو کە ئەم لە سەردەمی خۆیدا بەدەست هاتووە، بەتایبەتی لە ڕۆگەی دەوڵەتی دەستووری مەدەرن. بەگوێرەی هیگڵ، تاک دەبێت لەناو نەتەوەدا بتوێتەوە وەروەستبوونی دەوڵەت نەتەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی پرووس کۆتایی مێژووە.

بیرکەی مارکس بە کۆتایی مێژوو لەسەر بیرکەی دیالێکتیکی هەگڵ بنیاتنراوە، بەڵام جۆخت لەسەر هەلومەرجی ماددی و ململانێی چینایەتی دەکات. مارکس ئەنالیزکردنی ململانێی چینایەتی بەگۆشەی مێژوو دەزانێت و لە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست دەنووسێت: مێژووی هەموو کۆمەڵگاکان تاهەنووکە مێژووی کۆمەڵگەی چینایەتییە… لەچەرخەکانی سەرەتای مێژوودا، کەم تازەر لە هەموو شوێنێک دابەشبوونی بەکۆمەڵە بەدەستەو تاقمی جەراوجەر و پلەی جەراوجەری ڕیزی کۆمەڵایەتی دەبینین، لە ڕۆمای کۆندا، پاتریسیەن هەبوون، سوارچاک هەبوون، پلەبیەن و کۆیلەش هەبوون. لەسەدەکانی ناوەڕاستدا، خاوەنی مولکی فیودال، وەستاکار، شاگرد و ڕەعیەت هەبوون. کۆمەڵگەی مەدەرنیش بەرژوازی، کە لەجەرگەی فەوتانی کۆمەڵگەی فیودالییەوە سەری هەڵداوە، ناکۆکی چینایەتی لەناو نەبردووە، بەڵکو چینی تازەی کۆمەڵایەتی و هەلومەرجی نوێی چەوساندنەوە و زەخت و زەر و شێوەی نوێی خەباتی هێناوەتە ناو ئەوان.[Marx and Engels: Manifesto of the Communist Part مارکس مێژووی بە ململانێی نێوان چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا دەزانی کە ئامانجی کۆتایی بە مارکس، کۆتایی مێژوو بە دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی بە چین دیاری دەکرێت، کە چیتر چەوساندنەوە کۆتایی دێت و دەوڵەت لەناودەچێت. ئەم کۆمەڵگایە نوێنەرایەتی کۆتایی گۆشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری مرۆڤایەتی دەکات، چونکە هەموو

ناکۆکییە ماددی و ململانێ چینایەتییەکان کۆتایی دێت. بەدیدی مارکس، مرۆجی لەناوچوونی خاوەندارێتی تایبەت لەناوبردنی دووەتە. دووەت ئامرازێکە خاوەندارێتی تایبەتی دەپارێزێت. مارکس پێی وایە سەرمایەداری لە دوا قۆناغی کامڵ بوونیدا، دەبێتە سیستەمێکی ئابووری جیهانی و دووچاری هەڕەشاندنەوە دەبێتەوە، چونکە لەم سیستەمدا ناکۆکی چینایەتی دوونیاپێش هەیە، ئەنجامی ئەم دیدێش دەبێتە هەی شەشکی جیهانی. (کرێکارانی جیهان یەکبگرن.)

جاک دریدا و کۆتایی مێژوو

ناوناوبانگی هەشنبیری فۆکۆیاما و بەهەی جەماوەریی کتێبەکەی (کۆتایی مێژوو و دواهەمین مرۆڤ)ەوە بوو، کە نیشانەکانی دەڕاوکێی ئاستەوەکان بوون سەبارەت بە دۆنیابوون لە (مردنی مارکس). لە ڕوخنەی فۆکۆیامادا (جاک دریدا) دەنووسێت: لە سەردەمێکدا کە هەندێک بوێری ئەوێان هەیە بەناوی ئایدیالی دیموکراسی لیبراڵەوە کە دواجار خۆی وەک کۆتا ئایدیالی مێژووی مرۆڤایەتی بەدیهێناوە: هەرگیز تووندوتیژی، نایەکسانی، خۆفەکردن، چەوساندنەوە، برسێتیی بوونی نییە! لە کاتێکدا بەمجۆرە ستەمی ئابووری کاریگەری لەسەر زۆرێک لە مرۆڤەکان لە مێژووی زۆری و کەمەگەی مرۆڤایەتیدا هەبوو. لەبری ئەوەی لە کۆتایی مێژوودا گۆرانی هاتنی ئایدیالی لیبراڵ دیموکراسی و بازاڕی سەرمایەداری بەبینێ، لەبری ئەوەی ئاهەنگ بگێڕین بە "کۆتایی ئایدەلەژیاکان" و کۆتایی گوتارە ڕزگاریخوازە گۆڕەکان، با هەرگیز ئەم پشتگوێ نەخەین، ڕاستییەکی گۆڕە، کە لە شوێنە بەشومارەکانی جیهانەکەماندا کە لە ئازار پێکهاتووە: هیچ پلەیەکی پێشکەوتن ڕەگی بە مرۆڤ نادات ئەوە پشتگوێ بخات کە بە ژمارەیەکی ئیجگار زۆرها، ئەوانەش ژن و پیاو و منداڵ لەسەر زۆریی ژێردەستەکان، برسی یان قۆنکراون[...] . بەدیدی دریدا (کۆتایی مێژوو) لە بنەڕەتدا ئیسکاتەلەژیای مەسیحییە، هاوتەریبە لەگەڵ گوتاری ئێستای پاپا سەبارەت بە کەمەگەی ئەوروپا، کە فۆکۆیاما "فۆکۆیی" فیکری پراکتیزە کردووە، بە بەکارهێنانی داتا ئەزموونییەکان هەرکاتێک لەگەڵ پێیامەکێدا گونجاو بێت و دەست بە بانگەوازکردن بە ئایدیاڵێکی ئەبستراکت دەکات. هەرکاتێکیش داتا ئەزموونییەکان دژایەتی تەزی کۆتایی مێژووەکەی دەکەن؛ فوکۆیاما ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا وەک یەکێیکی سیاسی ناتەواو دەبینێت، کاتێک بڕاورد دەکرێت بە ئایدیاڵە جیاوازەکانی دیموکراسی لیبراڵ و بازاڕی ئازاد، بەڵام تەدەگات کە ئەم جۆرە ئەبستراکتانە (ئایدیاڵانە) بە بەگەی ئەزموونی نیشان نەدراون، هەرگیز ناتوانرێت دەربکەون، چونکە ئەوە ئایدیایەکی ئەبستراکتی فەلسەفی و

ئایینین کە لە ئینجیلەکانی فەلسەفەی هیگڵەوە سەرچاوەیان گرتووە و لەگڵ ئەوشدا، فۆکۆیاما هەشتا تێبینییە ئەزموونییەکان بەکاردەهێنێت بۆ سەلماندنی تێزەکەی، کە خۆی هاوڕایە کە ناتەواو و ناکامڵ، بە چەسپاندنی تێزی کۆتایی مێژووەکەی، کە تەنها وەک تێزەکەی ئەبسترەکت دەمێنێتەوە و لە پشتاستکردنەوەی شکستخواردووە[Jacques Derrida (1994). Specters of Marx: State of the Debt, the Work of Mourning and the New International].

مێژوو لە پشوو دەگێڕێتەوە

لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە سەرمایەداری لە شێوەی ئیمپریالیستانەدا باڵیکێشا بەسەر هەموو سووچێکی جیهاندا، شێوە خوێناوییەکانی ڕەژئاوا تا شێوەی ئۆکرانیا و ڕووسیا و شێوەی ئیسرائیل لەناوچەکەدا بەردەوامە. بناژەخوازی ناسیۆنالیست و ئایینی وەک دژە هێزێک بە بەاوبوونەوەی دیموکراسی لیبراڵ لە دایکبوو، لە نموونەی تایبەتی ئیسلامی تووندڕەو جیهادی و تاقمی میلیشایی.

ساموێل هەنتینگتۆن، ئەو سالی 1996 لە کتێبەکەدا بە ناوی (پێکدادانی شارستانیەتەکان) دووبارە دروستکردنەوەی نەزمی جیهانی نووسی، هەنتینگتۆن لە کتێبەکەدا ئاماژەی بەوە کردووە کە ململانێی کاتی نەوان ئایدۆلۆژیاکان بە ململانێی کۆنی نەوان شارستانیەتەکان جێگەی دەگرێتەوە.، ئەوە ئایدۆلۆژیایی شارستانییەتی زاڵە، حکومی مرۆڤەکان دەکات.

دوای هێرشەکانی ١١ی سیپتەمبەر، جارێکی دیکە کۆتایی مێژوو لەلایەن هەندێک لە بیرمەندانەوە وەک هەمای بەهێزبوونەوەی ڕۆژئاوا ئاماژەی بۆ دەکرا، بەو پێیەی کە کۆتایی هاتنی ئیمپریالیزم نوێنەرایەتی کۆتایی ململانێی گەورەی جیهانیش دەکات.

تێحەڵدانێکی دیکەی تێزی "کۆتایی مێژوو" گەشەسەندنی دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی دوو وڵاتی ڕووسیا و چینە. چین حکومەتی تاک پارتی دەوڵەتی هەیە، لە کاتێکدا ڕووسیا، هەرچەندە بە فەرمی دیموکراسییە، بەڵام زۆرجار وەک خەسڵەتن و ئانۆکراسی ناودەبرێت. لە مانگی ئازاری 2022وە جیهانێک کە چین پشتگیری لە داگیرکردنی ئۆکرانیا لەلایەن ڕووسیا دەکات و ڕووسیاش پشتیوانی لە داگیرکردنی چینی بە تایوان دەکات. هەروەها داگیرکارییەکانی ئیسرائیل بە هاوکاری ئەمریکا بەردەوامە. لە جیهانێکدا کە ململانێی ئەم زلهێزانە تێدا بەردەوامە. ئایا ئەمە کۆتایی مێژووە، یان مێژووی لە پشوو گەڕاوەتەوە؟

وەک ژیژێک دەڵێت، بیرکەی فوکۆیاما کە دەڵێت ئەمە گەیشتوینە

کۆتایی مژوو، نادروستە. ژیژەک ئاماژە بۆو دەکات کە لیبرال دیموکراسی پێویستە بە سەرمایەداریەوە؛ ئەو کێشانەی کە بەهۆی سەرکەوتنی سەرمایەداری و سیاستە نیولیبرالەکانەوە دروست بوون ، وەک نایەکسانی زیاتری سامان و دەستاوکێکی جەنگ مەترسیدەکانی ژینگە، لە زۆرێک لە وڵاتاندا دژکەوتن کە ئارامی بۆرامبەر بە حکوومەتە دیمەکراسیەکان لە کەوتووەتەوە.

فیاسکۆ*- کۆمەڵگای ئەمڕۆ لەسەر سێ ئاستە لە هەرەسی گەورەی خۆیدا دەژی.. ئەحمەد هەسوێ

یەکەم: ئاستی سیاسی

کۆمەڵگای ئەمڕۆ، لە دوای چەندەیەک لە ئەزموونکردنی دەسەڵاتدارێتیەک کە بە مانای ووشە ستەمکار، تاوانکار، خوێنڕێژ و دژە خەڵکیە، ئێستا ڕناتیفەکەی ئەو خاشاکە سیاسی و مەدیایە بوو. هەرەسی فیکر و سیاسەت لە فەزای سیاسییدا و لە بۆرامبەردا پۆپیولیزم، دیماگۆجیێت و ڤۆگەریزم تانوپۆی فەزای سیاسیی و گوتاری سیاسیی تەنیوە.

ئەوەی ئێستا دەگوزەرێ لە فەزای سیاسییدا، جگە لە هەرەسی گەورە و داڕمان، ناتوانێت هیچیدی بێت.

شاخ، ژان گرتی و مشکی بوو.

دووەم: ئاستی فەزای دینی

کۆمەڵگای ئەمڕۆ لە دوای ئەزموونکردنی چەند ساڵوداو و ساڵوتی ئاینی تووندڕەو و تۆڕیست، دەبایەخ ساڵوتکی فراوانی نوکردنەوەی خوێندنەوە، تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی تێکستە دینییەکانی لە نوێ نەوەندی ئاینیی و مەلاکان خەیاندا سەرپێخستبایە کە تا ئێستا قەناغی باشی بڕیبایە، بەڵام ئێستا ڕناتیفەکەی چی بوو، ئەم هەموو مەلا و باگخوازە خۆنمایشکەر و خۆ بە پێغەمبەرزانەی کە ئاینیان لە نێو دەست و مەشکی خەیاندا کەڵەپچە کردووە. لە ئاینکی فرە ڕەهەند و کراوەوە دیانەوێت بیکەن بە ئاینکی تاک ڕەهەند و داخراو. لە ئاینکەوە بە ژیان، ئارامیی و خۆشویستیەوە دیانەوێت بیگۆڕن بە

ئاینەک کە فەیایەکی ووتە بەرامبەر ژیان و هیستیریایەکی شتانە بە قەلەبووەوە لە هەموو شتێک. ئەم داگیرانە ترسناکەی تێگەیشتن لە دین، جگە لە هەرس و داماڵان ناتوانێت هیچیدیکەی پێبڵێت بە کەمەوە.

سێیەم: ئاستی ووناکبیری

جگە لە دامانی گەورە دەتوانێت چیدیکە بێت کە ڕەشنبیر بیت و گوتاری فیکریی خۆت لەسەر گوتاری سیاسیی و مەدیایی ساختە و بەتاڵی حزب موتوربە بکەیت. ئەوەی کە بە پشکی گەورە یان بچووک، لایەنداریی و تەرەفگیریی ڕەشنبیران و ئەدیبان لە نەوەندی ووناکبیرییدا بووەتە ئاسایی، جگە لە هەرسی ئەم کایەش هاوشانی کایەکانی دیکەی کەمەوەگای ئەمە چیدیکەیە؟

…

- فیاسکۆ، بە یەکەم جار ئەم ووشەیەم لە فاروق ڕەفیقەوە بیست، ڕەنگە ٢٢ بە ٢٣ ساڵێک پێشتر.
- فیاسکۆ: بەتەواوەتی شکست. شکستی سەرتاپاگیر. دامانی گشتی یان شکستی گشتی.

کتێب\ دەستووری شیکردنەوە لە زمانی کوردیدا.. موکەرەم ڕەشید تاڵەبانی

[بە خوێندنەوەی ئەم کتێبەکلیکی ئێرە بکەن..]

MukaramRashidTalabani_DastwrDownload

پەیوەندی ناتانیاهوی یاخی لە ئابگیرەت.. گەران هەڵبژێری

کەم نین ئەو ئابڕو سەرکردانەی لەجەنگدا ئەستێریان دەدرەوشێتەوە ، ئەوانەی جەنگ بە دەسکەوتکی ئیلاهی دەزانن بە بەردەوام بوون لە دەساتکیان، هاوکات جەنگ هەکارکە بە خامشکردنی کشەو قیرانە ناوخییەکان .ئەم جۆرە سەرکردانە ، بە بە ویست و ئارەزووی دانیشتوانی وڵاتکە یاری بەچارنووس و ژیانیانەوە دەکەن ، بۆیە بەردەوام بە هەل دەگەڕێن بە هەڵگیرسانی جەنگ.یەکێک لەوانە هیتلەربوو کە بەر لە دەسپێکی چەنگی دووەمی جیهانیدا گووتبووی:
[یەکەم شتی بنەڕەتی بە بەدیهێنانی سەرکەوتنی هەمیشەیی ،کارکردنی بەردەوام و هەڵکخراوەیی لە تووندوتیژی.]
دیارە چەنگیش بەشکی سەرکیە لە مەبەستکەی هیتلەر ، بەوەی تووندووتیژی سیمایکی سەرکیە لە هەموو جەنگکدا.
گومان لەوەدا نیە ئیسرائیلیکان بەدەسزی ناسراون بە وڵاتکیان ،ئەم دەسزیەش وایلکردوون کە بە پاراستن و پشکەوتنی وڵاتکیان هەموو شەوازک بکاربهێنن تا دەگاتە کاری زۆر نائینسانی .
لەدیرکی دەوڵەتی ئیسرائیلدا لەساڵی[١٩٤٨]وە تا ئێستا چەندین سەرک وەزیر دەساتداربوون ،لە نەوانیاندا هەبووە تووندڕەو بەبەزەیی میانڕەو و هەمن. گەر هەڵەنەبم لەو دیرکەدا کەسیان هەندێ{ ناتانیاهۆ} بە بەزەیی و سادی و شانگیز نەبوون.
ناتانیاهۆ لەوپەڕی ئاستەوکاندایە،بەپشتگیری حیزبە ئاینیە تووندڕەوکان زۆرترین کات بەسەرک وەزیری ماوەتەوە.
ئەم جەنگەی غەزە نیعمەتک بوو بێ باری ،تا پلانە مەترسیدارکەی جەبەجە بکات ،ئەویش لەناوبردن یا لاوازکردنی هەر وڵات و کیان و لایەنکە کە بەهەڕەشیان دەزانێت بەسەر وڵاتکەی ،بەنمونەی حماس ،حیزب اللە ، حوسیکان ، ملیشیاکانی سەربەئێران لەسوریاو عەراق و خودی ئێرانیش.
هەموو وڵاتک مافی خۆیەتی بەرگری لەخۆی بکات بەئیسرائیلیشەوە،بەڵام ناتانیاهۆ ئەم بەرگریەی لەسنوور دەرکردوە ، وەرانکاری ئەنقەست پێیەو دەکات ،زیادەڕەوی لە پرسە سەربازیکاندا دەکات ، ئەوەتا لەغەزەو لوبنان باڵەخانکان بەسەر نیشتەجێبوونیاندا دەوخێنێت.
مەناعەتی نیە چەندین باڵەخانە تەختی زەوی بکات بە خۆکەکیەوە

گەر بزانێت ئەندامێکی حیزبوواللە لەیەکێکیانداید. بەسیستەماتیک یەک لەدوای یەک گوندو باخانەکان لە بەیروت و باشووری لوبنان وێران دەکات کە هەرگیز نین بەسەر سوپاکەی.
ئاوەی سەیری ئیسرائیل لە مژووی خۆیدا حسابی بۆ هیچ وڵاتێک نەکردوە و نایکات، تادێگاتە نێتاوە یەکگرتوەکانیش ،خۆی لەسەری هەموو جیهانەوە دەبینێت ،ئاوەتا بەهۆی بڕیاری ئەمینداری گشتی نێتاوە یەکگرتوەکان{ أنطونیو غوتیریش }،ناتانهاهۆ بۆ ناشیرینترین شێوە بەرسیڤی دایەوە .هەروەها دەمێک ماکرۆن سەرکۆکی فەرەنسا بڕیاری لەشێوازی بەرەوپێشبردنی چەنگ کرد بۆتایبەتی بۆکار هێنانی تووندووتیژی زیاد لەپێویست، بۆتووندی وڵامی ماکرۆنی دایەوە .
نوێترین کاری ناتانهاهۆ کە زەربەی وڵاتانی جیهانی نیگەران و تووڕە کرد ،تێڤکردن بوو لە هێزی {یونیفل}ی سەربە نێتاوە یەکگرتوەکان کە بوونیان لە سنوری نێوان لبنان و ئیسرائیل هەیە ،مەبەست لەم تێڤکردنەش بەزارکردنییانە تا ئێو سنوورە چۆڵ بکەن.
زەربەی وڵاتانی ئەوروپی کە سەربازیان لەو هێزەدا هەیە، ئیدانەی ئەم کارەی ئیسرائیلیان کرد ،هاوکات {١٣٦} وڵات کە لەسەر ئاستی جیهان بەشداریان لەو هێزەدا هەیە سەرکۆنەی ئەو کارەی ئیسرائیلیان کرد، بەڵام ناتنیاهۆ گوێی بەو دەنگانە نەداو بەجاری دووەم کارەکەیان دووبارەکردەوە. لەئەنجامدا بەرپرسی ئەوهێزانە لە لوبنان گووتی، بەهیچ خەرێک شوێنەکانمان چۆڵ ناکەین ،جا پێدچێت ناتانیاهۆ حساب بۆ ئەم پەیامەش نەکات چونکە جارێکیتریش ئەو هێزانەی ئاگادارکردەوتەوە کە شوێنەکانیان چۆڵ بکەن ،بەمەرجێک ئەو هێزانە بەبیارێکی ئەنجومەنی ئاسایشی سەربەنێتاوە یەکگرتوەکان لەوێن.
تەنها دەوڵەتێک کە کاریگەری لەسەر ئیسرائیل هەبێت و بتوانێت لەهەندێک شوێن ڕایبگرێت ئەمەریکایە، بەڵام وادەردەکەوێت ناتانیاهۆ لە بایدن و داروودەستەکەیشی یاخیە، بەوەی وێک هەواڵی جیهانیەکان بەاویان کردەوە بایدن زەر بەتووڕیەوە سەرزەنشتی ناتانیاهۆی کردوە کە تێقیان لەهێزەکانی یونیفل کردوە.
ئاوەی ناتانهاهۆ لە غەزە و لوبنان ئەنجامی دەدات بە پێی یاسا نێو دەوڵەتیەکان دەچنە خانەی تاوانی جەنگ و تاوانی دژە مرۆڤایەتی.
پێدچێت ناتانیاهۆ بنیازبێت دۆڕێکە بەرەو ئاینەدەیەکی مەترسیدار ببات و جەنگێکی درێژخایەن بڕپابکات، بەیە پێویستە بەر لەوەی ئاواتەکەی بەجێبهێنێت سنورێک بۆ یاخیبوونەی دیاری بکرێت.

پەراوێزی حەفتەمینی تێکست.. نەژاد عزیز سورمێ

چەواشەکاریی دەرهەق بە کورد و کێشەی هەوای پێشینە و مێژوویەکی هەیە.. سەیریش لەوەدایە زۆربەی ئەوانەی ڕۆیان لە پرسەی ئەو چەواشەکارییەدا هەبووە، لە تێگەیشتنی ئەوە خاڵی نەبوون کێشەی کورد، کێشەی گەلێکی پارچە پارچەکراوی، غەدرلێکراوی، ستەمدیدەی درێژایی مێژووە، بەتایبەتیش ڕووناکبیر و ڕۆژنامەنووسانی ئەو گەلانەی لەگەڵ کورددا دەژین.. لەهەموو سەردەمێکیشدا نموونەی هەبووە، لێ زیاتر لەگەڵ دەسپێکی بزاڤی چەکداری ئازادیخوازی کورددا ئەم دیاردەیە بەبەختانەتر پەرەی سەندووە.. دیارە گلەیی لەسەرنشینانی کورسیی دەسەڵاتی ئەو وڵاتانە ناکرێ، چونکە میللەتانی خۆیشیان لێیان ڕازی نین و گەر چییان پێ لەگەڵ نەکرێن لەبەریان هەڵدێن.. گلەیی لە ڕووناکبیرێك یا ڕۆژنامەنووسێك دەکرێ کەهەمیشە ئیددیعای دیموکراسی و مافی مرۆڤ و عەدالەت و ئازادی و مافی چارەنووسی گەلان دەکا. لەم دواییەدا، بە ڕکەوت چەند وتارێکم بینی ، باوەکو دەمێکە بڕاو کراونەتەوە بەناو ناماقوولی و شاشی وای تێدا هاتبوو نەمویست بەسەریاندا تێپەڕم . لەو وتارانە دوو وتارم بە نموونە هێنانەوە کە جێی سەرنجن، ئەویش نەك لەبەر ئەوەی زانیاریی نوێیان تێدا هاتووە، بەپێچەوانەوە، بەهۆی ئەوەی نووسەرەکانیان بە خۆدیدەییەکی وایان نووسیوە وەك بۆی کورد هەر مرۆڤ نەبن . وتاری یەکەم لە ڕۆژنامەی (الدستور)ی ئەردەنیدا بەبۆ ناو بڕاوکراوەتەوە، ئەوی دیکەیان برایم زوبدی ناوێك لە ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط)دا بڕاوی کردووەتەوەتەوە.. (الدستور) نووسیویەتی دەڵێ: داواکانی کورد ڕەت دەکرێنەوە، ئەویش بە ئەگەری چەند هۆیەکی مێژوویی کە ئەوپەڕگیرانی کورد دژ بەهەموو شتێکی عەرەبی دنەیان داوە(!!). برایم زوبێدیش دەڵێ: سەرەڕای ئەوەی ئاماژەی خۆیان هەڵداوە (مەبەستی کوردە)، هاتوون تابلۆی ڕنماییەکانی هاتوچووشیان بە کوردی نووسیوە، ئەمە چۆن دەبێ؟ پاشان هەر بەخۆی دەڵێ: بەڕام باشیان کردووە بەم دواییە تابلۆکانیان کردەوەتەوەێ عەرەبی (!!). ئینجا تێ وەرە لەگەڵ عەقڵییەتی وا دابنیشە و گفتوگۆ و دانوستان بکە و باسی دیموکراسی و ماف بکە، کە لە ئەساسدا

نایانەوە تێی بگەن.. هەر ئەوەندە دەزانن، قەوانەکیان هەیە، ئەگەرچی خۆشیان دەزانن کێن بووە و ناوە، بە بانە و بە بانە لێی دەدەنەوە، هەر بۆیەشە حاڵیان زۆر خۆشە. بەڕاستی شووڕەییە بە نووسەر یا ڕۆژنامەنووسێك بەو عەقڵییەتە دواکەوتووە بیر بکاتەوە لە کاتێکدا ئەمڕۆ دنیا دنیایەکی دیکەیە. شووڕەییە لەبیر خۆیان ببنەوە، کە هەمیشە کورد بووە دروشمی دیموکراسی بۆ عێراق هەڵگرتووە و خوێنی لەو پێناوەدا داوە.. شووڕەییە بۆیان، لەگەڵ هەموو ئەو زوڵم و ستەم و ئەنفال و کیمیابارانە، ڕۆژێ لە ڕۆژان کورد لە ناچارترین ناچاریدا پەنای بۆ تیرۆر و تیرۆرکاری نەبردووە و هەمیشە شاعیر و نووسەرانی لەسەر کۆشەی (گۆیا سەرەکی ئەوانییان) فەڕەستینیان کردووەتەوەتەوە. شووڕەییە بۆ خەڵکانێك خۆیان بە نووسەر و ڕۆژنامەنووس بناسێنن بەو عەقڵییەتە فاشستیە سەیری گەلێك بکەن کە سەرەڕای ئەوەی خاکیان داگیر کردووە خێر و بڕیان خواردووە و دەخێن ئینجا بەو هەنگەیش لێی بڕوانن وەك بەڵی کفری کافرمان کردبێ ڕێنمایی هاتووچوومان بە کوردی نووسیبێ.
بەڕاستی شووڕەییە ئەگەر شتێك لای ئەم چەشنە بوونەوەرانە مابێ بەناوی شووڕەیی.

شیۆنی دوای هەڵبژاردن.. عەلی مەحمود محەمەد

هەموو خێریکی سەیرکردنی ئەو مەهزەلە ئاست نزمەین بۆ ناوی بانگۆشەی هەڵبژاردن لە کوردستان دەگوزارێت, قسەکەرەکان هەموو بۆ بەرنامەن, مام ڤاندام لە چاویانەوە چومسکیین, تەنها کاندیدی کابرای قەبرستانەکە بۆ هەڵبژاردن بەرنامەی هەیە, ئەویش قەبرمان بۆ دوای ژیان پێشکەش دەکات, ژنیشمان کاتێك بۆ دەنگت ڕۆژی 3 جار لە چیای هەڵگورد سەرکەوین, ئەوجا دەبێت شەو بدەینە دەم ڕۆژەو, هەناسە دانیش تەرك بکەین, چونکە کاتەکە هەشتا بەش ناکات ئەگەر بۆ هەڵوەشاندنەوەش سەرکەوین, دووجاری پێ ناکەینەوە.
بیست ڕۆژی خۆشمان بردە سەر, نمایشکان گاڵتە جاڕی بوون, جنۆی کەمێنتکانی تۆڕی کۆمەڵایەتییکانیش لە جوتکەکان خۆشتر بوون.
نەنکم یادی بەخێر زۆری لە ژیان بینیبوو دەیووت دوای هەموو

پەکەنینەك گریان هەیە, منیش ئەو ترسەم هەیە و دەموەت لە سیناریەکانی گریانی دوای هەڵبژاردنکەوە دەست پێبکەم.
ڕۆژ 21ی ئۆکتۆبەر, خەڵك هەشتا زەرینەی مەرکەبی دەنگدان بە پەنجەیانەوەیە, وردە وردە سندوقکان گەڕاونەتەوە بۆ ئالبیسەو سایلکۆ, هەندەك گەنج بەردەم ئەو جێگایانەیان گرتووە بۆ داکۆکی لە دەنگکانی ئەمە, لە سەرەوەش بنەماڵە نا سیاسیەکان کە هەڵبژاردن بە بەش و پشکی ئەوان کراوە, خەریکی سات و سەوداو پێوەندیکردنن, هەیە بە بەشی خۆی ڕازیەو هەشە ناڕازیە, هەندەك سیاسیش کە پێشتر هەڵتەقیبوون, مام خدر ڕووسی لە تەنیشت بارەگاکەی خۆی ڕیزیان دەکات و دەیانکاتە ڕەقەم, ئاخر ئەو کەسانەی هیچ بیروباوەڕێکیان نەبێت و ئالتەرناتیفی گونجاوی ئێران و تورکیا نەبن, چەندە خەیان لە گەورە بووبێتەوە, لە تاقیکردنەوەی وادا یەکجار شانسیان دەبێت تاقیبکەنەوە, کە کێت وەك هەوڵەریەکان دەڵێن ئیتر هەڵساندنەوەی موستەحیلە.

دوو سیناریۆ

هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان دوای هەڵبژاردنکانی دیالۆو موسڵ و کەرکووك دێت کە تەرزێکی دیکە لە سیناریۆی سیاسی هەنایە پێشەوە, سیناریۆیەك لە مەتبەخی ئێران ئامادە کرابوو, دووریش لە جوگرافیاو ناوەندە شەرعیەکان یەکلا کرانەوە, تیایدا لە هەرسێکیان تورکیا تۆ درایە دەرەوەی دەسەڵاتز
ئەم هەڵبژاردنە بەشەوەی سەرەکی نەك هەموو, ململانێی گەل و نا گەل نەبوو, ململانێی بنەماڵەکان بوو لە سەر نوێنەرایەتی ئێران و تورکیا لە کوردستان, بە وەکالەت وەرگرتن بوو, ملمانێ بوو بە پشکەکانی ئێران و تورکیا لە هەرێمی کوردستان.
تورکیا سێ بڕین لە جێستەیەتی, دیالۆو موسڵ و کەرکوك, دەرکردنی لە هەولێرو دهۆك تەقەی ڕەحمە بە ئەو لە عێراق کە زیاتر لە چوار سەدە لە ژێر هژمۆنیای ئەودا بووە.
هەر یەکەك لەو دوو وڵاتە چەند هێزێکی سیاسی نوێنەرایەتییان دەکەن, پارتی و یەکگرتوو و بزووتنەوەی ئیسلامی نوێنەری تورکیان و ینك و هاوبەستە و کەمە و گەلانی گەڕەکی گردەکە و سیالستیش نوێنەرایەتی ئێران دەکەن, تەنانەت کریستان و تورکمانیش بە مەبدەئی مونا قەهوچی خۆشناو و شێخ ڕیانی کەنە کلدانی و ئیسلامی شیعە مەزهەبی ئیستا کە نوێنەرکانیان بە دەنگی زەرقانی و لیوا تایبەتکان کە ناویان پشمەرگەیە هەڵدەبژێردرێن, ئەوانیش دابەش بوونە بەسەر ئەو دوو وڵاتە, بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوری و

ڕکخراوی کلدە ئاشوری و بەڕی تورکمانی زۆی چاویان دێت, دەمیان بە کورسییەکە ناگات کە بە ناویانەوە دیاریکراون, ینك بەشی خۆی لە کورسی کەمینەکان وەرگرت ئیتر باسی جیاکردنەوەی لیستی دێنگدەران و شتی وا ناکات, ئەوانیش لەسەر مەبدەئی موناو ڕێیان دابەش دەبن بەسەر ئێران و تورکیا.
یەکێك لە ئەگەرەکانی ئەنجامی هەڵبژاردن دووبارە کردنەوەی سیناریۆکەی کەرکووکە, بەوەی ئێرانییەکان هێزەکانی سەر بە خۆیان ببەنە بەغدا, کاتێك توانیان 53 کورسییەکە تەواو بکەن, لەوەوە دوور لە ژاوەژاوو حکومەت پێك بهێنن و پارتی ئاوت کەنەوە بە چوارەم جار, هەرچەندە هەشتا دوو هێزی وەك نەوەی نوێ و گەل خۆیان لەو هاوکێشە سیاسییە یەکلا نەکردەتەوە, بەڵام ئەوانە هێزی لچتقن بە هەر لایەکدا بکەون دوور نییە, یان پارچەی گەورە گەورەیان لە ببڕنەوە, ئەم سیناریۆیە دوو لەمپەری گەورە لە بەردەمیدایە بە سەرکەوتن:
تورکیا و ئەمەریکاو ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداو ڕێگا بەم سیناریۆیە لە ئێستادا نادەن, چونکە دڵانی ئەوانیش لە ناوچەکەو دەبەتە ئینتیاقی عێراقەکی شیعەی ئیسلامی, دژ بەم سیناریۆیە بە ئەم مەبەستە هێزەکانی تورکیا لە هەرەمی کوردستان, لە حاڵەتی وا دا ئەگەری هەیە تا دڵگیش بێت, هەروەها هەردوو پارتزگای هەولێر و دهۆك لە ڕووی ئیداریەوە بە دەست پارتین, هەڵبژاردنەکە بە ئیدارەی ناوخۆیی نییەو لەبەردەم جێبەجێ کردنی ئەم سیناریۆیە هەموو ئەگەرەك هەیە, تەنانەت روداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرو 31ی ئاب دووبارە ببنەوە بە شێوەی کەنەکە یان شێوازی نوێ.
پارتی هەوڵی دا لە گەڵ ئێران پێوەندی ئاسایی بکاتەوە, چونکە پشتیوانییە نەودەوڵەتییەکەی چەندە بەهێز بێت, کارایی ئێرانی نابێت لە بەغدا, لەوەوە پەنجە ی خستەتە بنا قاقای, لەبەر ئەوەی دەست بەرداری تورکیا و ئیسرائیل و ئەمەریکاو خەلیج نەبوو, بەیە دوای سەفەرە سەرکەوتووانەکەی نیچیر بارزانی ئەوجا لە کەرکوك ئێران پشتی پارتی شکاند و روحی دڵی لە دڵی کوردستان هەڵکەشا و دای بە زەویا, شایی سەفەرە سەرکەوتووکەی لە کرد بە شین.
وەك دەبینین دانیشتنەکان میوانخانەی بابل لە بەغدا چەندە نا دەستووری بێت بەڕی تورکیا هەر دەبێت زوانا لێبدەن, تانکان لەناو تانکەی زبڵکەن, دادگاکان سیاسین و بە ئیعازی کیلابییەکان کار دەکەن نەك ناوەڕکی دەستوور, دەسکەوتکان خوداوەندی پیرزن.
دەست بردن بە ئەم سیناریۆیە لەم قۆناغدا بە ینك زەر مەترسیدارە و ئەگەری سیناریۆی چەشنی 31ی ئابی هەیە, زیانەکەی زەر لە قازانجەکەی زیاتر دەبێت, رازی نەبوونیش بە پارتی ئەگەری دووبارە

بووندەوەی سیناریۆی پلاماری هەمە لایەنەی سەربازی هەیە لە لایەن عێراقەوە بەناوی چەسپاندنی شەرعیەت.
سیناریۆی دووەم گونجاوترە بە هەردوو لایان, ئەویش ڕێککەوتنە لە سەر کابینەی نوێ و بەردەوامیدان بە بارودۆخی حازر, بەشك حکومەتە کۆنەکە دڵنەوخۆشن, حکومەتێکی نوێ لە خۆیان و خۆیان دوور لە گیان و سۆسیالست پێك دەهێننەوە, هەم یەکێتی دیموکرات , هەم پارتیش بە دانانەوەی مەسرور بارزانی ناتوانێکی سەر دگرێت, بە بەشداری شەریکی نوێ یاخود هەر کۆنەکان , بەناوی ژمارەکی دگەن لە کابینەی نوێ بە کابینەی دە, ئاوگەیش بە پستە سیادیەکان دەکەن, بەشی بنەماڵەکان زیادو کەم دەکات.
ئەوانەشی قوگیان لە گێ هاوار دەا, ئیسراحەتیان نەکرد بە جرت و فرتی ئەم شارەو ئەو شارە, وێنە سەقیەکانیان بە یادگاری بە دەمنتەوە.. تاس و حەمامی جارانیش دووبارە دەبتەوە.

دەنگدان نارەزایەتی دەسوتێنە..
عوسمانی حاجی مارف

بایکۆتی بارزانی، هەبژاردنی خستە سەر ڕەگایەکی بنبەست و داخراوەوە، ئەوەی نیشاندا کەبەبێ بەشداری پارتی هەبژاردن ناکرێت، بۆیە دادگای فیدراڵی ناچارکرد، دەستبەرداری بەشێک لە بڕیارەکانی بێت و گەڵانی تیا بکات، تا بارزانی بەشداری لەم هەبژاردنەدا بکات، واتە زۆر بەسادەیی دەتوانین بڵێین هەرکات بارزانی بڕواوی هەبژاردنێک بێت زیانی هەبێت بۆی، ئەتوانێ ئیفلیجی بکات، ئەمەش واقعی سروشتی جۆری دەسەڵاتی سیاسیە لە کوردستانی عێراقدا، کە خاوەن هێزی میلیشیا باڵادەستە، نەک دەنگ و دەخاڵەتی خەڵک لەدەسەڵاتی سیاسیدا، ئەزمونی جۆری دەسەڵاتی سیاسی زانی زۆردو زانی سەوز لە سیوسێ ساڵی ڕابردودا ئەوەی نیشاردەتەوە، کە هەبژاردن چ گاڵتەجاریەکەو هیچ کات نەیتوانیوە هیچ گۆڕانێک یا کۆتایی هێنانبێت بەدەسەڵاتی بارزانی و تاڵەبانی.
واتە پێش هەر شتێک پێویستە ئەوە بە هێند وەرگرین کە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی نەیتوانی سیاسەتکانی "چوارچێوەی هەماهەنگی" کە پێکهێنەری حکومەتی عێراقن، لەبارەی هەبژاردنەوە خۆی بسپێنێت،

نەیتوانی بارزانی ملکەچ کات بۆ ئەو سیاستەی تادەیک بە بەرژەوەندی تاقمبانی دەشکاوە.
واتە بەیاری بەشداری نەکردنی پارتی لەم هەڵبژاردنەدا، ئەوەی راگەیاند کە هەڵبژاردن ناتوانێ دەستاتی سیاسی لە کوردستاندا لەنگەی هەڵبژاردنەوە بگۆڕێت، چونکە گەر وانیە، ئەوە ئاسانترین فرسەت بو، پارتی تەریک بکرێتەوە و هەڵبژاردن بگۆڕێ بەیارەکانی دادگای فیدراڵی ئەنجام بدرایە و دەستاتی پارتی کۆتایی پێ بهێنرایە، بەڵام دیمان کە ناتوانرێت کارێکی لەو چەشنە ئەنجام بدرێت، دادگای فیدراڵی بەناچاری بەیارەکانی گۆڕی.
ئەو خەیاڵات و چەواشەکاریانەی ئەپۆزسیۆن وەک ئومێدێک بە کۆتایی دەستاتی بارزانی و تاقمبانی بانگەشەی بۆدەکەن، بەناوەڕۆک و بە مانان، چونکە لە گەڵ هەر ئاوگۆڕێک کە لەدەخی سیاسی کوردستاندا ڕویدابێت، یان پەیوەندیەکانی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێم بارگرژی تێکەوتبێت، هەروەها حکومەتی عێراق و هێزەکانی شیعە فشارێکی زۆریان لەسەر بارزانی و تاقمبانی دانابێت و میلی هاوسەنگی هێزیان بەقازانجی حکومەتی عێراق وەرچەرخاندبێت، مانای ئەوە نیە کۆتایی دەستاتی بارزانی و تاقمبانیە، دەستاتی زەنی زەردو سەوز لاوازن لەبەرامبەر حکومەتی عێراقداو ناچارکراون ملکەچی ئەو واقعیەتەبن، حکومەتی عێراق ئەم دووهێزە میلیشیایەی بزوتنەوەی کوردایەتی بەو شێوەیە لاپەسەندە کە پاشکۆی سیاستەکانی حکومەتی عێراقبن، پارتی و یەکێتیش لە چوارچێوەی ئەو ململانێیانەی لە چەند ساڵی ڕابردودا لەبەرامبەر حکومەتی عێراقدا هەوڵیان بەداوە، نەک مایەپوچ مانەوە، هەنگاوبەهەنگاو ئایندەی بەرژەوەندیەکانیان لە ژێر سێبەری سیاستی حکومەتی عێراقدا پێناسەدەکەنەوە و پگەی خەیان دەپارێزن، بەڵام لەبەرامبەر خەڵک و ئەولایەنانەی وەک ئەپۆزیسیۆن خەیان پێناسە دەکەن، پارتی و یەکێتی بەداخەوە کە توانایان نگۆڕاوە بەردەوامی بەدەستاتکەیان ئەدەن و بەهیچ جۆرێک هەڵبژاردن ناتوانێ ئەو پرسیەبت مانای کۆتایی دەستاتکەیانی لێکەوێتەوە. لەلایەکی تریشەوە ئەپۆزسیۆن بانگەشە بە ئومێدەکەوە دەکات کە گوایە لەنگەی پشتیوانی بە حکومەتی عێراق و دادگای فیدراڵیەوە ئەتوانن سەرکەوتن بەدەست بهێنن، بەڵام ئەوەی زۆر هەشنەو حکومەتی عێراق و هێزەسیاسیەکانی عێراق بەهیچ جۆرێک حسابی لەسەر ناکەن، ئەو لایەنە بەناو ئەپۆزسیۆنەی کوردستانە کە جێگای متمانەی سیاسی و بەرەوبردنی دەستاتی سیاسی نین، ئەو ئەرک و کارەو پشخزمەتیەی بارزانی و تاقمبانی ئەتوانن بە حکومەتی عێراق ئەنجامی بدەن، ئەپۆزسیۆنەکیان کەمەڵ لایەنی بەکارو هیچ لەبارانەبون.

هەروەها شەوازی ئەم هەڵبژاردنە ٢٠/١٠ی ئەمسال بە هەر جۆرێک بەدوور بێت و هەرلایەنێک بەدوای بڕەتدا، مانای ئەوە نیە ئەتوانرێت دەرگای ساختەکاری بڕامبەر بەهێزی میلیشیا ببەسترێت، ئەوەش بەدوور نازانم کە لایەنەکانی حکومەتی عێراق یارمەتی پارتی و یەکێتی لە ساختەکاریدا بدەن، جگە لەوەش هەردوو هێزی دەسەڵاتدار نفوزێکی تایبەتیان بەخەیان هەیە کە وەک دەنگدەری جێگیر حسابیان لەسەر کراوە، کە ناتوانن دەنگ بە کاندیدەکانی پارتی و یەکێتی نەدەن کە ژمارەیەکی کەم نین، کە ئەپۆزسیۆنەکان لەم جۆرە دەنگدەرانە بەبەشن، دەنگدان بەیان پەیوەستە بە مەزاجی دەنگدەرانەوە، بەیە داوا دەکەن زۆرترین کەس بەشداری بکات.
نابێت فریوی ئەوە بخۆن کە بە دەنگدان ئەتوانن ئەم دەسەڵاتە ئاوگۆ پێبکەن، بەیە نەچون بە بڕدەم سندوقەکان و دەنگ نەدان بەشێک دەبێت لە پیادەی ئەو ئاماستەیە کە خەڵکی ناڕازی لەئاستای ئەو ئامانجەدان کە بە ئاپەینی جەماوەری دەیانەوێت ئەم دەسەڵاتە کۆتایی پێبهێنن.
ئەوەی ئاشکرایە دەنگدان سەنگی مەحەکی مانەوە یان نەمانەوەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی نەبووە نابێت، هەڵبژاردن لەکوردستان ئەو تایبەتمەندیەی هەیە کە تەنها ئامرازێکە بەدەستی بارزانی و تاڵەبانیەوە کە بەناوی هەڵبژاردنەوە شرعیەت بەدەسەڵاتەکەیان بدەن، دەنا هەڵبژاردن بکرێت یان نەکرێت زەنی زردەو و زەنی سەوز باقیە، فرستدان بەبەشداری لایەنەکانی تریش بەهەر ناوەکەوە یان بەناوی ئەپۆزسیۆنەوە، تەنها ئارایشکردنی شەوازی هەڵبژاردنەکەیە.
ئاشکرایە کە ئەنجامی دەنگدانی ئەم هەڵبژاردنەش هەر جۆرێک بێت ناتوانێ ئاوگۆ لەدەسەڵاتی بارزانی و تاڵەبانی پێشبینی بکرێت، بەڵام دیارە ئەم دەخی بەزاری و تورەیی و ناڕازایەتیە فراوانەی خەڵک لەبڕامبەر حکومەتی هەرێمدا، هێژای دەنگدەر کەمدەکاتەوە، ئەمەش زیاتر بەزیان بە لایەنەکانی بە ناو ئەپۆزسەن تەواو دەبێت، چونکە ئەپۆزسیۆنی بەشدار لەم هەڵبژاردنەدا، تەنها ئومێدیان بەدەنگدانە، نەچونی خەڵک بە دەنگدان، بی ئومێدیان دەکات لەو چاوەروانیەی کە بە هەڵبژاردن بە بەدەست هێنانی چەند کورسیەک هەیانە، ئەمەش مایەی ئەو مەترسیەیە بەیان کە نەتوانن کورسی پەویست بەدەست بهێنن.
نەچون بە دەنگدان پەویستیەکی گەشەسەندنی ناڕازایەتیەکانی خەڵکە، کە لە هێژای دەنگدانەدا نەچینە دەرەوە و نەچینە سەر سندوقەکانی دەنگدان، نەچون بە دەنگدان مانای نایەکی گەورەیە بە ئەم دەسەڵاتە، چونکە تەواوی لایەنەکان بە ساختەکاری و بەسەرکەوتن گەیاندنی هەڵبژاردنەکەیان پەویستیان بە نیشاندانی وەستان و

ێزبونی خەڵکە لە بنکەکانی دەنگداندا، پێویستە لەبەرامبەر ئەو هاستیەدا بەئاگابین کە دەنگی ئەمەیان ناوەت، تەنها وەک ئەکتەرێک بەکارمان دەهێنن، بۆیە یەکەم؛ نەچون بۆ دەنگدان ڕیسواکردنی تەواوی پرسەی گاتەجاری هەڵبژاردنەکەیانە، چونکە ئەوان بەهەر فرووفێڵ و شێوازێکی ناشایستەو ساختەکاری بێت ئەتوانن یاری بەدەنگەکان بکەن. دووەم؛ ئەوان پێویستیان بە کەبونەوەی خەڵکە بەدەوری بنکەکانی دەنگدان تانیشانی بدەن کە هەڵبژاردنەکەیان شەرعیەتی هەیە. بەڵام ئەوانەی بەشداری لەم هەڵبژاردنەدا دەکەن و کاندیدیان هەیە، بە فریودانی ئەوەی دەنگی خەڵک نەسەتە لەخەڵک دەپاڵێنەوە بچن دەنگ بدەن، بەڵام کەسی ناڕازی بچێت بۆ دەنگدان یا نەچێ دەنگەکەی هەرسوتاوە، نەچون بەهەڵزکردنی پرسەی ناڕەزایەتیەکانمان نیشان ئەدات، چون بۆ دەنگدان دەنگی ناڕەزایەتی دەسوتێنێت.

بانگەشەی ئەم جارەیان بۆ هەڵبژاردن، ناتوانن بۆ بەڵێنی دابینکردنی خواست و موچەو پیداویستیەکانی ژیانی خەڵک فریوکاری بکەن، چونکە بە لاوازی پگەیان لە بەرامبەر حکومەتی عەراقدا ئەو هەڵەیان لەدەستداوە کە ڕویان بێت بانگەشەیەکی لەو چەشنەبکەن، زیاتر لە گەشەیکەوە بانگەشەکانیان ئادگەیەنن، کە ڕیسواکردن و تاوانبارکردن و شکاندنی یەکترێ تائاستی دروشمی کەتایی دەسەات، بەمجۆرێ بانگەشەکەیان زیاتر نیشاندانی دەخی شەڕ تا ئەوەی بانگەشەی هەڵبژاردن بێت، ئەتوانم بڵێم هەڵخاندنی دەخێکی لەم چەشنە زیاتر پێویستی بە نەچون بۆ دەنگدان و ڕیسواکردنی پرسەکەیانە، گەر ئەپەزسیۆنکیش هەستی دەسەزی و پشتیوانی بۆ خواست و ئایندەی خەڵک هەبێت، لەبیزی ناڕەزایەتیەکانی خەڵکدا دەوستێت بۆ کەتایی هێنان بەم دەسەاتە لە ڕگەی ئاپەین و شەشی جەماوەریەوە، نەک بەشداری لە هەڵبژاردنەکدا کەدەسەاتداران بۆ شەرعیەتدان بەدەسەاتەکەیان بکاری دەهێنن.

تانیشک بچووکترین وەرگەری

دکتۆرایە لە جیهـــــان.. ڕزا شـوان

(تانیشک ماتیە ئەبراهام) لاوێکی هیندی ـ ئەمریکییە، لاوێکی پڕجۆش و ناوازەیە. بچووکترین لاوە لە جیهاندا، کە لە تەمەنی (١٩) ساڵیدا، بە پلەی نایاب دکتۆرای لە (ئەندازیاریی بایۆپزیشکی) دا وەرگرت. تەزی دکتۆرای تانیشک لەسەر پڕۆپۆدانی سیستەمی زیرەکی دروستکراوە. کە لە نەخشیەکانی دەستنیشانکردندا بەکاردەهێنرێت. دکتۆر تانیشک ئەبراهام، شۆشکی ئەندازیاریی بایۆپزیشکی لە جیهاندا بەرپاکرد.
باوکی تانیشک ناوی (بیجۆ ئەبراهام) ە، ئەندازیاری نەرمەکاڵا "بەرنامەسازی"یە. دایکیشی دکتۆر (تاجی ئەبراهام) ە. تووژڕی ڤێتەرنەری یە. خەڵکی شاری (کیرالا)ی هیندستانن. لە پێناوی هەڵی کارێکی باشتر و گوزەرانێکی خۆشتردا، کۆچیان بە ئەمریکا کرد. تانیشک ئەبراهام، لە ساڵی (٢٠٠٤) دا، لە شاری (ساکرامنتۆ) لە ویلایەتی کالیفۆرنیا لە ئەمریکا، لەدایک بووە. پەلەکانی خوێندنی بنەڕەتی لە کامپی پەنابەران تەواوکرد. لە ماتیشۆ، دایک و باوکی وانەی تایبەتییان پێدەوتەوە.
بەپێی ریزبەندیی ساڵەکان، دکتۆر (تانیشک ماتیە ئەبراهام) ی پڕجۆتان پێدەناسێنین.
١ـ لە تەمەنی (٢) ساڵیدا: دایک و باوکی بە تایبەتیش دایکی، تێبینی ئەوەیان کردووە، تانیشک لە تەمەنی (٤) مانگیدا دەستیکرد بە نیشاندانی بلیمەتی، کە زۆر جۆزی لە پڕتووکی منداڵان بوو. پەیکانیانی هێمادایەوە و بە وردی سەرنجی وێنەکانیانی دەدا. لە تەمەنی دوو ساڵیدا، هەموو ئەو شتانەی کە بیستووبوونی یان خوێندبوویانەوە، بە یەری خەی دەهێنانەوە. هەر لەم تەمەنەدا، پرسیارە سەرتاییەکانی بیرکاریی جەبجەدەکرد. کە زۆر کەس ناتوانن ئەنجامیان بدەن.
٢ـ لە تەمەنی (٤) ساڵیدا: پەیوەندیی بە کەمەڵەی (مێنسا) وە کرد، کە ڕێکخراوێکی جیهانییە، تایبەتە بە کەسانی زۆر زیرەکی باڵا لە جیهاندا. لە تاقیکردنەوەکانی ئاستی زیرەکی ستانداردی مێنسادا (٩٩،٩%) پلەی بەدەستهێنا. بوو بە یەکێک لە بچووکترین ئەندامانی مێنسا لە جیهاندا.
٣ـ لە تەمەنی (٥) ساڵیدا: لە ماوەی (٦) مانگدا، بە پلەی

نایاب، بەوانامی هەر (٥) کەرسەکەی بیرکاری وەرگرت. کە پڕۆگرامکانی پەروەردەیی بوون، بۆ فێرکردنی منداڵانی بەهرەمەند. زانکۆی (ستانفۆرد) ڕێکیخستبوون و پێشکەشیانی دەکرد.

٤ــ لە تەمەنی (٦) ساڵیدا: بەوانامی تەواوکردنی کەرسی ئامادەیی و کۆلێژیی، لە بواركانیی: کیمیا، زانستی زینددەوەرزانی، بایۆلۆژی، جیۆلۆجی دا، وەرگرت. کە بچووکترین قوتابی بوو، کەمەی (فای تیتا کاپا) بۆ شانازییەوە وەریگرت.

٥ــ لە تەمەنی (٧) ساڵیدا: کورسکی کیمیای بۆ پلەی نایاب لە ڕێگەی ئۆنلاین، لە زانکۆی کالیفۆرنیا، لە بیرکلی تەواوکرد. هەر لە تەمەنی حەوت ساڵیدا، کەرسکی تری لە بواری جیۆلۆجی و فۆلکناسی، لە کۆلێژی (ئەمریکی ریڤەر) لە شاری ساکرامنتۆ، بە پلەی یەکەم دەرچوو.

٦ــ لە تەمەنی (٨) ساڵیدا: بوو بە جێگری سەرکی دامەزرێنەری یانەی فۆلکناسی لە کۆلێژی ریڤەری ئەمریکی. هەر لە هەشت ساڵیدا، لە کاتی پشکنین و لێکۆڵینەوە لە سەدان وێنەی ڕوانگەی ناسای مەودا دوور ــ پەژاکانی کێلەری ناسا. تانیشک بەرپرس بوو، لە دیزینەوەی هەسارەیەکی دەرکی و زریانێکی خەر.

٧ــ لە تەمەنی (٩) ساڵیدا: بچووکترین کەس بوو، کە لە ساڵی (٢٠١٢) دا، بەشداریی لە کۆنفرانسکی ناسادا (ئایمس) کرد و وتەیکی پێشکەش کرد. هەر لەم تەمەندا، بوو بە ئەندامی دوو سەمەی کەمەی ئابووەندیی زانکۆیی (تیتا کاپا)ی ئەمریکی.

هەر لە تەمەنی نۆ ساڵیدا، لە ساڵی (٢٠١٤ــ ٢٠١٥) وەک بچووکترین کەس هەڵبژرایەوە و بەشداریی لە کۆنفرانسی ناسادا کرد و وتەیکی پێشکەش کرد.

٨ــ لە تەمەنی (١٠) ساڵدا: بەرنامەی دبلەمی قوتابخانەی ئامادەیی بەدەستهێنا. کە بچووکترین کەس بوو لە ئەمریکادا، لە دە ساڵیدا بەوانامەی ئامادەیی بەدەستهێنابێت. هەر لە دە ساڵیدا، دووبارە بە جێگری سەرکی پەیوەندییەکان هەڵبژرایەوە.

٩ــ لە تەمەنی (١١) ساڵیدا: لە کۆلێژی (ئەمریکی ریڤەر) سە بەوانامەی بەشداری لە زانستە بیرکاری و فیزیاییەکان، زانستە گشتییەکان، خوێندنی زمانی بیانی، بە نمرەی نایاب بەدەستهێنا.

١٠ــ لە تەمەنی (١٢) ساڵیدا:(سکۆلەرشیپی ریجێنس ــ هاوەتی) لە زانکۆی کالیفۆرنیا سانتاکرۆز وەرگرت. لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە شاری (دیڤس) لە ئەمریکا وەرگیرا. بە ئاوەی درێژە بە خوێندنی بەکالۆریەس بدات.

١١ـ لە تەمەنی (١٤) ساڵیدا: لە زانکۆی کالیفۆرنیا بە پلەی ناب و بە پلەی شانازی، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە (ئەندازیاریی بایۆپزیشکی) دا بەدەستهێنا. بووە بە دکتۆر دانیش ئیبراهام.
دکتور دانیشک، هەر لە چواردە ساڵیدا، دەستی بە خوێندی دکتۆرا کرد. گرنگی دا بە پڕۆپۆدانی زیرەکیی دروستکراو بە دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکان.
١٢ـ دکتۆر تانیشک ئیبراهام، لە تەمەنی (١٩) ساڵیدا، لە (٧/ حوزەیران/٢٠٢٣) دا، بە پلەی نایاب، لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە شاری دیڤیس لە ئەمریکا، بڕوانامەی دکتۆرای لە (ئەندازیاریی بایۆپزیشکی) دا، وەرگرت. بووە بە بچووکترین وەرگری بڕوانامەی دکتۆرا لە جیهاندا.
لە ئاهەنگی دەرچووندا، بەجگە لە دایک و باوکی و خوشکە بچووکەکەی، داپیرەشی دکتۆر (تانکام ماتیە)ی تەمەن (٩٠) ساڵ ئامادەبوو، کە یەکەم ژنی هیندییە کە بڕوانامەی دکتۆرای لە پزیشکی ڤیتەرنەری لە هیندستاندا بە دەستهێناوە. باپیرەی کۆچکردووشی، دکتۆر (زەکەریا ماتیە) تویژەری ڤیتەرنەری بوو. تانیشک ئیلهامی لە باپیرە و داپیرەیەوە وەرگرتووە. پەزانینیشی بە پشتگیریی دایک و باوکی هەیە.
١٣ـ دکتۆر تانیشک لە ئێستادا، تەمەنی (٢٠) ساڵە، تا ئێستا لە چەندین کۆنفرانس و وەرکشۆپ و کۆنگرەدا، بەشداریی کردووە و باسی لە بارەی زیرەکیی دروستکراوەوە پشکنینی کردووە. وانەی وتووەتەوە، لە تاقیگاکاندا تاقیکردنەوەی ئەنجامداوە.

دکتۆر تانیشک ئیبراهام، لە چەندین بەرنامەی تەلەفزیۆنی و رادیۆیی، ڕۆژنامەیی، دەربارەی پسپۆرییەکەی، دیمانەیان لەگەڵدا سازداون. پشتریش وەک بەڵێوبەری سۆشیال میدیای تایبەت بە (تویتەر) کاری کردووە. تانیشک لە تەمەنی کەمایەتییەکاندا، زۆر چالاکە. لە ئێستادا کەمپانیای تەکنەلۆژیای زیرەکیی دروستکراوی پزیشکی، بە ناوی (میدبارک) دامەزراندووە و هەر خەریکی بەڵێوەی دەبات و سەرکردایەتیی دەکات. ئەم کەمپانیایە گرنگی بە راهێنانی مەدەلی بنەڕەتی بە پزیشکی دەدات.
بەجگە لەو چالاکییانە، تانیشک گەلێک کار و چالاکیی جیاوازی تری ئەنجام داون.
تانیشک ئیبراهام، بووە بە نموونە و سەرمەشق بە لاوان لە جیهاندا، بە چاولێکردنی.

شاینی باس و جی سرنج، خوشکەکەی تانیشک، کە ناوی (تیارا ماتیە ئیبراهام)ە، لە خەی بچووکترە، ئویش نەوجوانکی بلیمەت و پەرجەیە. لە تەمەنی (٤) ساڵیدا بوو بە ئەندامی کەمەی مەنسا. لە تەمەنی (١٦) ساڵیدا، بەروانامەی بەکالەریسی لە موزیک لە زانکەی کالیفەرنیا بەدەستهێنا. لە تەمەنی (١٨) ساڵیشدا، بەروانامەی ماستەری لە موزیکدا، لە کەلەژی جاکوب لە زانکەی (ئیندیانا) بەدەستهێنا. لە ساڵی (٢٠٢٢) دا، خەاتی هونەرمەندە گەنجەکان، لە دەنگی کلاسیکدا، بە تیارا بەخشرا.
دکتەر تانیشک ئیبراهام، ئاواتخەازی ئویە، کە ببەت بە براوەی خەلاتی نیبە. ببەت بە سەرکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. بەگومان، لە بەردەم ئیرادەیەکی بەهێز و خبات و کەنەداندا، هیچ شتەک نییە کە ناوی ئەستەم بێت.

(*) بە نووسینی ئەم بابەتە، سوودم لە چەندی سایتی ئینگلیزی وەرگرتووە.
نەرویج: ٢٠٢٤

خوناوی شیعر.. ستار ئەحمەد

ئیتر تەواو
لەدەفتەری بوونا خەم دەسەوە
سەبەرکەت دەشەلم و
قومەك عەشق لەلەوانت دەخەوە
بەسەر شانی تەنیایدا سەردەکەوم
دەست لەبەرکی نامەیی گیردەکەم
لەگەڵ گەشەی نەبوونیا دەبەم هاودەم
لەگەرانی دەئاەم و
گیتارەکان دەکەم بەدە
شەوانە هەناسەیەك
لەرحی گوڵەکەوە دەرچێت
بەشنەی با خەم دەپچمەوە
لەبەرامە شیعرەك دەچنم
مەلەتکەی حەسرەتی

بۆ دڵکەم ڕیتم و
وێنەی پێڤکان دادگیرسێنم
تاریکی لەدورگەی ئەوین هەڵئەدەم
دڵکەوم دوای زریان
بۆ تەرزە خناوکێکت بۆ دەهێنمەوە
بەهێنسك خوناوی شیعر رادەماڵم
نۆتە بوویتە عاشقی من و
نگەشێکی ئەم خاکەش
ژوانگەیەکی بۆ ڕەخسانم
هەتا بەهم فەرموو وەرە میوانم بە
منیش وەك تۆ خاوەن ماڵم
نە بستە خاکەکیش هەتا ئەمە
بوو بەدادەو نیشتمانم

ستار ئەحمەد

خەڵاتەکانی ٢٩مین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "بۆسان" دیاریی کران.. ئامادەکردنی: مەنسوور جیهانی

خەڵاتەکانی بەشە جۆراوجۆرەکانی پێشبڕکێی بیست و نۆیەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "بۆسان" لە وڵاتی کۆریای باشوور دەستنیشان کران.

هەوەسمی کۆتایی بیست و نۆیەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "بۆسان" Busan بە ئامادەبوونی ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی بەشە جۆراوجۆرەکانی پێشبڕکێی، سینەماکارانی بەشداربوو لە فێستیڤاڵ، چالاکانی پیشەگەیی سینەمایی و هەروەها هەگرانی هونەری حەوتەم لە ناوەندی "سینەمایی بۆسان" لە شاری بۆسان لە وڵاتی کۆریای باشوور بەهەوەچوو و براوەکانی بەشی پێشبڕکێی "هەوتە نوێیەکان" New

Currents، بەشی "خەڵاتی کیم جیسۆئوک" Kim Jiseok، بەشی "خەڵاتی مەکێنات" Mecenat، بەشی "خەڵاتی سونجە" Sonje، بەشی "خەڵاتی نێتپەک" Netpac، بەشی "خەڵاتی فیپڕێشی" FIPRESCI و … دیاریی کران.

باشترین فیلمی بەشی پێشبڕکێی "هەوتە نوێیەکان"
ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی بەشی پێشبڕکێی "هەوتە نوێیەکان" New Currents لە بیست و نۆیەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "بۆسان" کە بریتی بوون لە؛ "محەممەد هەسووڵ ئۆف" Mohammad Rasoulof دەرهێنەر و سیناریۆنووس لە وڵاتی ئێران ـ سەرکی لێژنەی دادوەران، "لی مینگ ـ سێ" LEE Myung-Se دەرهێنەر لە وڵاتی کۆریای باشوور، خاتوو "ژوو دۆنگیێ" Zhou Dongyu ئەکتەر لە وڵاتی چین، خاتوو "کاتی کەسرەتی" Kani Kusruti ئەکتەر لە وڵاتی هیندستان و هەروەها خاتوو "ڤاتیا کالودجێرسیچ" Vanja Kaludjercic بەرپرسی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "ڕۆتەردام" Rotterdam لە وڵاتی هۆڵەندا، دەنگەکانی خۆیان بەم شێوەیە ڕاگەیاند:

خەڵاتی باشترین فیلمی ئەم بەشەی فێستیڤاڵ، واتە؛ خەڵاتی نەقدی بۆیی پارەی ٣٠ هەزار دولاری بە فیلمی سینەمایی "نیشتمانی سپێدەی هەمنایەتی" The Land of Morning Calm لە دەرهێنانی "پارک ڕی ـ وونگ" PARK Ri-woong بەرهەمی وڵاتی کۆریای باشوور و هەروەها فیلمی سینەمایی "ما ـ گریانی بێدەنگی" MA – Cry of Silence لە دەرهێنانی "ماو نایینگ" The MAW NAING بەرهەمی هاوبەشی وڵاتانی میانماڕ، کۆریای باشوور، سەنگاپوور، فەڕەنسا، نێوەژ و قەتەر بەخشرا.

باشترین فیلمی "خەڵاتی کیم جیسۆئوک"
ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی بەشی "خەڵاتی کیم جیسۆئوک" Kim Jiseok لەم ڕووداوە گرینگە سینەماییە کە بریتی بوون لە؛ "کریستییەن ژوونێ" Christian Jeune بەرپرسی بەشی فیلمی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "کان" Cannes لە وڵاتی فەڕەنسا ـ سەرکی لێژنەی دادوەران، "پراسانا ڤیتاناژ" Prasanna Vithanage دەرهێنەر لە وڵاتی سریلانکا و هەروەها خاتوو "شین سۆون" Shin Suwon دەرهێنەر لە وڵاتی کۆریای باشوور، دەنگەکانی خۆیان بەم شێوەیە ڕاگەیاند:

خەڵاتی باشترین فیلمی ئەم بەشە، واتە؛ خەڵاتی نەقدی بۆیی پارەی ١٠ هەزار دولاری بە فیلمی سینەمایی "گوندی ئەستێرەکانی ٢" Village Rockstars 2 لە دەرهێنانی "ڕیما داس" Rima DAS بەرهەمی هاوبەشی

وڵاتانی هیندستان و سەنگاپوور و هەروەها فیلمی سینەمایی "یەن و ئای ـ لی" Yen and Ai-LEE لە دەرهێنانی "تام لین شۆ ـ یۆ" Tom LIN Shu-Yu بەرهەمی وڵاتی تایوان پێشکەش کرا.

باشترین بەرگەفیلمی بەشی "خەڵاتی مەکینات" Mecenat

ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی بەشی "خەڵاتی مەکینات" Mecenat، لەم خولەی فێستیڤاڵە کە بریتی بوون لە؛ "موحسین مەخملەباف" Mohsen Makhmalbaf دەرهێنەر، سیناریۆنووس و بەرهەمهێنەر لە وڵاتی ئێران ـ سەرۆکی لێژنەی دادوەران، خاتوو "ئاساکۆ فوجیۆکا" Asako Fujioka جێگری سەرۆکی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "یاماگاتا" Yamagata لە وڵاتی ژاپۆن و هەروەها خاتوو "لی سووجۆنگ" Lee Soojung دەرهێنەر لە وڵاتی کۆریای باشوور، دەنگەکانی خۆیان بەم شێوەیە ڕاگەیاند:

خەڵاتی باشترین بەرگەفیلمی کۆریایی و ئاسیایی ئەم بەشە، واتە؛ خەڵاتی نەقدی بڕی پارەی ٧٤٠٠ دولاری بە بەرگەفیلمی "کارەکان و ڕۆژگارەکان" Works and Days لە دەرهێنانی هاوبەشی "پارک مینسۆ" PARK Minsoo و "ئاهن کیمی هایۆن" AHN Kearny Hyun بەرهەمی وڵاتی تایوان و هەروەها بەرگەفیلمی "ماڵێکی دیکە" Another Home لە دەرهێنانی "فرانکی سین" Frankie SIN بەرهەمی هاوبەشی وڵاتانی تایوان، هۆنگ کۆنگ، چین و فەرەنسا بەخشرا.

باشترین کورتە فیلمی "خەڵاتی سونجۆ" Sonje

ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی بەشی "خەڵاتی سونجۆ" Sonje لە بیست و نۆیەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "بۆسان" کە بریتی بوون لە؛ "لیم دائێ ـ هیوونگ" Lim Dae-hyung دەرهێنەر و سیناریۆنووس لە وڵاتی کۆریای باشوور، خاتوو "کۆنستانس تسانگ" Constance Tsang دەرهێنەر لە وڵاتی ئەمەریکا و هەروەها خاتوو "یاماناکا یۆکۆ" Yamanaka Yoko دەرهێنەر لە وڵاتی ژاپۆن، دەنگەکانی خۆیان بەم شێوەیە ڕاگەیاند:

خەڵاتی باشترین کورتە فیلمی کۆریایی و ئاسیایی ئەم بەشە لە فێستیڤاڵ، واتە؛ خەڵاتی نەقدی بڕی پارەی ٧٤٠٠ دولاری بە کورتە فیلمی "یۆریم" Yurim لە دەرهێنانی "سۆنگ جیسئۆ" SONG Jiseo بەرهەمی وڵاتی کۆریای باشوور و هەروەها بە کورتە فیلمی"باگێک لە زستان" A Garden in Winter لە دەرهێنانی "ئەلئۆنۆر مەحموودیان" Eléonore Mahmoudian و "هیرۆشی ماتسوئی" Hiroshi Matsui بەرهەمی هاوبەشی وڵاتانی ژاپۆن و فەرەنسا پێشکەش کرا.

باشترین فیلمی "خەڵاتی فیپڕێشی"
ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی بەشی "خەڵاتی فیپڕێشی" FIPRESCI فیدێراسیۆنی نێودەوڵەتی رخنەگرانی فیلم لەم ڕووداوە هونەرییەدا کە بریتی بوون لە؛ خاتوو "تێرێز ڤینسێز" Teréz Vincze مامۆستای زانکۆ و ڕخنەگری سینەما لە وڵاتی هەنگاریا، "هسین وەنگ" Hsin Wang ڕخنەگری سینەما لە وڵاتی تایوان و هەروەها خاتوو "سوئوون یی" Souewon Rhee ڕخنەگری سینەما لە وڵاتی کۆریای باشوور، خەڵاتی باشترین فیلمی ئەم بەشەیان بە فیلمی سینەمایی "چیرۆکی نیشتمان" Tale of the Land لە دەرهێنانی "لۆئێلۆ هیندرا" Loeloe HENDRA بەرهەمی هاوبەشی وڵاتانی ئەندونێزیا، فیلیپین، تایوان و قەتەر پێشکەش کرد.

باشترین فیلمی "خەڵاتی نێتپەک" Netpac
ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی بەشی "خەڵاتی نێتپەک" Netpac "تێیی پەرەپێدانی سینەمای ئاسیاپەسیفیک" لەم خولەی فێستیڤاڵدا کە بریتی بوون لە؛ "ئیگاڕاشای کوهای" IGARASHI Kohei دەرهێنەر لە وڵاتی ژاپۆن ـ سەرۆکی لێژنەی دادوەران، "هێرمان وان ئایکین" Herman VAN EYKEN مامۆستای زانکۆ لە وڵاتی بەلژیکا و هەروەها خاتوو "کئیم میۆنگ" KIM Miyoung دەرهێنەر لە وڵاتی کۆریای باشوور، خەڵاتی باشترین فیلمی ئەم بەشەیان بە فیلمی سینەمایی "نیشتمانی سپێدەی هەمنایەتی" The Land of Morning Calm لە دەرهێنانی "پارک یی ـ وونگ" PARK Ri-woong بەرهەمی وڵاتی کۆریای باشوور بەخشی.

خەڵاتی "هەڵگرانی سینەما"
ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی خوێندکاران لە بەشی پێشبڕکێی "گۆشەی کراوە" Wide Angle لەم ڕووداوە سینەمایی پێکهاتوو لە خوێندکارانی جۆراوجۆر لە بەشەکانی پەیوەست بە سینەما لە شەش زانکۆ لە ناوچەی بۆسان، باشترین بەگەفیلمی کۆریایی و ئاسیایی فێستیڤاڵیان بەم شێوەیە ڕاگەیاند:

خەڵاتی "هەڵگرانی سینەما Cinephile Award بە بەگەفیلمی "نە نیشتمانێکی دیکە" No Other Land لە دەرهێنانی هاوبەشی "باسڵ ئادرا" Basel Adra، "حەمدان بەلال" Hamdan Ballal، "یۆڤاڵ ئابراهام" Yuval Abraham و "ڕاسڵ سزور" Rachel Szor بەرهەمی هاوبەشی وڵاتانی فەلەستین و نیپاڵ بەخشرا.

خەڵاتی بینەران
خەڵاتی بینەران لە بەشی پێشبڕکێی "هەوتە نوێیەکان" لەم خولەی

فێستیڤاڵ، بە فیلمی سینەمایی "نیشتمانی سپێدەی هەمنایەتی" The Land of Morning Calm لە دەرهێنانی "پارک ی ـ وونگ" PARK Ri-woong بەرهەمی وڵاتی کۆریای باشوور بەخشرا. ئەم فیلمە، زۆرترین سەرپشکی لە لایەن بینەرانی فێستیڤاڵەوە لەم بەشە، بۆخۆی مسۆگر کردبوو.

"بۆسان" یەکێک لە گرینگترین فێستیڤاڵەکانی کیشوەری ئاسیا

فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "بۆسان"، یەکێکە لە گرینگترین فێستیڤاڵەکانی کیشوەری ئاسیا و یەکێکە لە ٢٢ فێستیڤاڵی باوەرپێکراویی ئەنجوومەنی بەرهەمهێنەرانی جیهانی فیلم "فیاپف" FIAPF لە ئاستی دنیادا. ئەم ووداوە سینەماییە بە پشتیوانی وەزارەتی فەرهەنگ، شارەوانی و ئەنجوومەنی شاری بۆسان و ناوەندی فیلمی کۆریا بەڕێوەدەچێت.

دەزگەنانی "میگێل گۆمز" دەرهێنەری ناوداری پورتوگالی

بیست و نۆیەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "بۆسان" بە نمایشی کۆمەڵێک فیلم لە سینەماکارانی وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان لە چەندین بەش لەوانە؛ ١٠ فیلمی سینەمایی لە بەشی پێشبڕکێی "هەوتە نوێیەکان"، ١١ کورتە فیلم کۆریایی لە بەشی "گۆشەی کراوە"، ١٠ کورتە فیلمی ئاسیایی لە بەشی "گۆشەی کراوە"، ١٠ بەگەفیلم لە بەشی "گۆشەی کراوە"، ٨ فیلمی سینەمایی لە بەشی "خەڵاتی کیم جیسۆئوک"، بەشی "خەڵاتی مەکەنات"، بەشی "خەڵاتی سونجۆ"، بەشی "خەڵاتی نێتپەک"، بەشی "خەڵاتی فیپڕێشی" و هەروەها بەشی دەرەوەی پێشبڕکێی، لەوانە؛ ٢٨ فیلمی سینەمایی لە بەشی "پەنجەرەیەک بەرەو سینەمای ئاسیا" A Window on Asian Cinema، ٥ فیلمی سینەمایی لە بەشی "گالا" Gala، ٧ فیلمی سینەمایی لە بەشی "سینەمای کراوە" Open Cinema، ١٧ فیلمی سینەمایی لە بەشی "دیاردەکان" Icons، فیلمێکی ژاپۆنی و ١٧ بەگەفیلم لە بەشی "ویترین" Showcase، ٦ فیلمی سینەمایی لە بەشی "شەیدای شەوانە" Midnight Passion، ٦ فیلمی سینەمایی لە بەشی "لەسەر پەردە" On Screen، ٩ فیلمی سینەمایی لە بەشی "تەرکیز لەسەر ڕەحی منداڵان، فیلمی منداڵان"، ٦ فیلمی سینەمایی لە بەشی دەزگەنانی "میگێل گۆمز" Miguel Gomes دەرهێنەری ناوداری پورتوگالی، ٦ فیلمی سینەمایی لە بەشی دەزگەنانی "لی سان ـــ کیۆن" Lee Sun-kyun ئەکتەری کۆچکردووی کۆریایی، ٢٩ فیلمی سینەمایی لە بەشی "سینەمای جیهان"، ٢٣ فیلمی سینەمایی لە بەشی "سینەمای ئەمڕۆی کۆریا"، ١١ فیلمی سینەمایی لە بەشی "فلاش فۆوارد" Flash Forward، بەشی "ئاکادیمیای فیلمی

ئاسیایی”، بەشی “نمایشی تایبەت”، بەشی ڤێرکشێپی فێرکاریی “میگەئێل گەمز” و “ئان هوی” Ann Hui دەرهێنەری هێنگ کۆنگی ـ چینی، بەشی “سندووقی سینەمای ئاسیا”، بەشی “بازاڕی فیلمی ئاسیا” و چەندین بەشی دیکە لە ١٣ژانی ٢ تا ١١ی ئۆکتۆبەری٢٠٢٤ لە سینەما “بۆسان” و سینەماکانی دیکەی شاری بۆسان لە وڵاتی کۆریای باشوور بەڕێوەچوو.

بۆ زانیاری زیاتر:

https://www.biff.kr/eng/addon/10000001/page.asp?page_num=8417



